مەهاباد قەرەداغی



# ژنان و لاوان

## لە پەرلەمانی داهاتووی کوردستان



پەرلەمانی ئێستای کوردستان، پەرلەمانێکی پیرەمێردە. مەبەستی من ئەوە نییە کە تەمەنی پەرلەمان درێژ بوو، 12 ساڵی خایاند تا هەڵبژاردنێکی تر بکرێت، ئەگەرچی ئەوەش نیشانەیەکی تری پیرییەتی. مەبەستی من لە پیرەمێردبوونی پەرلەمانی ئێستای کوردستان، ئەوەیە پیاوی بەتەمەن دەنگی زاڵ و کاریگەری ناو پەرلەمانن. ڕێژەی دەنگی ژن لەناو پەرلەماندا هێند کەمە کە ناتوانێ کاریگەر بێت، ڕێژەی دەنگی لاو هەر بەجارێ بزرە. بۆیە ڕەنگە گونجاوتر بووایە ناوبنرێت ئەنجومەنی پیرانی کوردستان.

بزریی دەنگی توێژی لاوان لەناو ناوەندێکی گرنگی بڕیاردا‌ندا، خواست و ئارەزووەکانی لاوان لە پەراوێز و لە تاریکیدا دەهێڵێتەوە. بە هەمان شێوەش ئەگەر ژنان دەنگی کاریگەر نەبن لەو ناوەندەدا ناتوانن گۆڕانکاری بەرچاو لە ڕەوشی ژنانی کۆمەڵگەی کورددا دروست بکەن. لە هەموو ئەم ساڵانەی کە ڕابوردن ژنان و لاوان دوور بوون و نەیانتوانی خۆیان لە داڕێژانی بڕیارەکاندا چالاک بن و ویستەکانیانی تیا بەرجەستە بکەن. لە هەموو ئەم ساڵانەدا پیرەکان بۆ لاوان بیریان کردەوە و، پیاوەکان بۆ ژنان بیریان کردەوە، بۆیە ئەوان وەک پێویست نەیانتوانی دەربڕ و گەیەنەری خواستەکانی ئەمان بن و، ئەمانیش وەک پێویست بەهرەمەند نەبوون بە مافەکانیان. وەک پێویست گەشەیان نەکرد و نەیانتوانی لە گەشەسەندنی کۆمەڵگەدا ڕۆڵی کارا ببینن.

بۆ ئەوەی لە پەرلەمانی داهاتوویشدا کە نیاز وایە لە ماوەیەکی نزیکی داهاتوودا هەڵبژاردنی بۆ بکرێت، ئەم دوو توێژە گرنگەی کۆمەڵ، کە بە بێ ئەوان پرۆسەی دیموکراسی بەڕێوەناچێت، لە پەراوێز نەخرێن، پێویستە لاوان و ژنان بە بەرنامەوە خۆیان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن ئامادە کردبێت.

هەندێ لە حیزبەکانی کوردستان دەرکیان بەوە کردووە کە ئەوان بە بیری کۆنەوە ناتوانن پێشوازی لە دنیای نوێ بکەن، بۆیە باس لە گۆڕانکاری لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی خۆیاندا دەکەن و، خەریکی خۆپاککردنەوەن لە خەوش و ڤیرۆسە کوشندەکانی ناو جەستەیان، ڤیرۆسی گەندەڵی، کە نیازیانە بە چاکسازی و پاکسازی چارەسەری بکەن. بیرێکی وا زۆرباشە، بەڵام بە بڕوای من پراکتیزەکردنی نزیکە لە مەحاڵەوە.

خۆئۆرگانیزەکردنەوەیەکی تەواو و سەرتاپایی و گشتلاگرەوە پێویستە بۆ حیزبەکانی کوردستان و بەتایبەتیش پدک و ینک کە ساڵانێکی درێژە فەرمانڕەوان و لە داهاتووشدا بەشێکی کاریگەری فەرمانڕەوایی هەر لە دەستی ئەوان دەمێنێتەوە. خۆئۆرگانیزەکردنەوە بە مانای خۆبنیاتنانەوەیەکی تر لەسەر بناغەی نۆرمی نوێ و هاوچەرخ. بە بڕوای من پرۆسترۆیکایەکیان پێویستە.

مەرج نییە لاوان بە گشتی نوێخواز و پیرەکان بە گشتی نەریتخواز بن، وەلێ لەناو لاوانی رۆشنبیر و خۆپەروەردەکردووی زانکۆکانی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر هەن مەیلی خۆگونجاندن لەگەڵ نوێ و وەرگرتنی نۆرمی نوێیان هەیە. کچان و کوڕانی نوێخواز پێویستە جێگەی خۆیان هەبێت لەناو پەرلەمان دا، ئەو جێگایانەی کە سیاسەتمەدارە بەساڵاچووە نەریتخوازەکان گرتوویانە. بە هەمان شێوە پێویستە گەنجانی وڵات لەناو حکومەتیشدا رۆڵی کارایان هەبێ.

لە پەرلەمانی ئێستای کورستاندا چ پیاوان و چ ژنانی پەرلەمان، ڕەنگە بە دەگمەن نوێنەرێک هەبێت لە ژێر تەمەنی 40 ساڵەوە بێت. ئەگەرچی مرۆڤ لە تەمەنی 18 ساڵەوە بۆی هەیە وەک چۆن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا ئاواش لە پرۆسەی خۆپاڵاوتنندا بەشدار بێت.
پێویستە و زۆر گرنگیشە کوڕ و کچانی گەنج لەناو حیزبەکانی خۆیاندا هان بدرێن و زەمینەی گەشەسەندن و بوون بە سیاسەتمەداریان بۆ بڕەخسێندرێت. کە دەرفەتێک دەڕەخسێت بۆ خوولی فێربوون و ئەندامانی حیزب بەرەو وڵاتان بۆ ئەو مەبەستە بەرێدەخرێن، هەتا ئێستاش هەر سەرسپیی و دەمسپییەکانی ناو حیزبەکان دەنێردرێن. حیزب کاتێ بە گەنجی دەمێنێتەوە، کە لاوەکانی پێش بخات، هانیان بدات و زەمینەی پەرەسەندنی فیکری و دەروونی و جەستەییان بۆ بسازێنێ. حیزب کاتێک بە گەنجی دەمێنێتەوە کە لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێیەکاندا خۆی سەرلەنوێ ڕێکبخاتەوە. خۆڕێکخستنەوە Reorganisation پێویستە بەشێک بێت لە پرۆگرامی حیزب و حکومەت.

وا پرۆسەی هەڵبژاردن نزیک دەبێتەوە و، هێندەی من سەرنجم دابێت ڕێکخراوەکانی لاوان بۆ ئەو پرۆسەیە وەک پێویست خۆیان ئامادە نەکردووە. ڕێکخراوەکانی ژنان هەوڵیان هەیە، ڕەنگە پێویست بکات هەوڵەکان زۆر لەوەی ئێستا چڕتر ببنەوە. زۆر گرنگە پەرلەمانی

نوێی کوردستان بە کردەوە نوێ بێت، نوێ بێت و نوێنەری هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی تێدا بێت. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە پەرلەمانێکی بە فیکر و تێڕوانین لاو بێت تا بڕیاری سەردەمییانە بدات.

...

qmahabad@hotmail.com

2004/09/14

ستۆکهۆڵم